تیرۆرکردنی مامۆستا هۆشیار مەخەنە ئەستۆی ناکۆکی فکری … عیماد عەلی

لەچەند لایەکەوە و لە زۆرێك لە مەلا و پێشنوێژەکانەوە لە مینبەری مزگەوت و هەندێك راگەیاندنەکانەوە، گوێم لە راوبۆچونی سەیروسەمەرە بوو لەسەر کەیسی تیرۆرکردنی دوکتۆر هۆشیار، ئەوەی جۆگەی تۆرامان و سەرسورمانە کە ئەم پرسە لە ناکۆکی سیاسیی و کردەوەی موخابەراتیەوە دوور بخرێتەوە و بخرێتە ئەستۆی ناکۆکیە فکری و فەلسفەیەکان و لەدژی عەلمانیەت و چەپ و دیموکراتخوازی بەکاری بێت و بە پێی کردار و رەفتاری هاوردەکراوی رۆکخراوە ناوچەییەکان خوێندنەوە بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت . ئەمەش زۆر شتی مەبەستداری خەڵکی یاریکەری دەستی دەرەکی لەسەر ئەرزی کوردستان دەردەخات .

جگە لەوەی زۆر پێویستە کە دەسەڵات لە هەوڵدا ئەستۆپاکی خۆی بسەلمێنێت لەم کارە قێزەونە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبیر نەکرێت کە دەزگا موخابەراتیەکانی دەوروبەر و بەتایبەتی میتی تورکیا چەند لەم کارە بەمەبەستکراوە قازانج دەکات .

ئەوەی زۆر روونە کە بە هەموو لایەك کردەوەی تیرۆرکردن ئیدانە دەکەن، بەهەر شێوەیەك بێت و دژ بەهەر کەسێك بێت، ئەگەر تیرۆرکراو خاوەنی هەر بیروبۆچونێك بێت و هەر پشتخانێکی فکری و فەلسەفیی هەبێت . هەموو خەڵکیش باش دەزانن کە کێ خاوەنی مێژووی تیرۆر و تۆقاندنە چ لە زەمانی کۆنی کۆنەوە، یان لەم سەردەمەدا و بە کارە تیرۆریستیەکانی کوردستانیشەوە، کە رۆژنامەنوسان و خەڵکی سیاسی و خاوەن راوبۆچونی سەربەخۆ و تایبەت تیرۆرکران، لەوسەروبەندەدا، کەس ئاماژەی بە هیچ لایەنێکی راستڕەو و ئاینیی نەکرد و هیچ فکر و ئایدیۆلۆجیا و فەلسفەیەکی تەمەتبار نەکرد جگە لەوەی بەرپرسیارێتی خرایە سەر دەسەڵات، کە ئەرکی ئەوە دەستی پشتی ئەو کردەوە قێزەونانە دەربخات و بۆ خەڵکی ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی دوبارە نەبێتەوە، بەداخەوە سەرجەم کارە تیرۆریستیە نۆخەیەکانی کوردستان دیزەبەدەرخونە کران، سەرەڕای ئەوەی جگە لە لایەنە ناکۆکە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، بونی زۆر لایەنی ناوەکی و دەرەکی بە ناوی تەنانەت هەگری ئاینی ئیسلامیشەوە گومانی ئەم کردەوانەیان لێدەکرێت، کەچی وا ئێستا لە تیرۆرکردنی پیاوێکی ئاینیدا، بۆ

ئاوەژوکردنی مەسەلەکە دەستی تۆمەت بۆ بەناو خەڵکی عەلمانی، بە ڕوونتر چەپی کلاسیکی دەبڕێت . ئەمە ئەگەر یاریەکی قێزەونی هەر لایەك بێت، تەنانەت بەدەزگا موخابەراتیە دەرەکیەکانیشەوە، زەرەری گەورە لە کەیسی تیرۆرەکان و بەلاڕێبردنی پرسەکە دەدات، ئەگەر هەر لایەنێکی دەرەکی یان ناوەکیش لە پشت ئەم جۆرە بۆچونانەوە بن و بیانەوێت ڕاستیەکان ئاوەژوبکەن .
دیارە دەرخستنی تاوانباران و ڕوون کردنەوەی حەقیقەتەکان بە تۆمەت بەخشینەوە بەملاو ئەولادا نابێت، ئەگەر توانا و بوێری دەستبردنتان نیە بۆ خەڵکی گومانلێکراو زۆر شەرمە لە پێناو بۆچونێکی ئایدیۆلۆجی ئەم هەلە بقۆزنەوە و باسی ڕاست و چەپ بکەن و بۆ مەرامی تایبەتی حزبی و ئایدیۆلۆچی ئەم کەیسە بەکار بێنن و بە شەرمی فکر و فەلسەفەی چەپگەرێتی تۆمەتبار بکەن، کە ئەمە دڵی تاوانباران خۆش دەکات و ئارامیش بە دەسەڵات دەدات کە بەرپرسە لە دەرخستنی حەقیقەتەکان، زۆر پێدەچێت ئەم قسەوبۆچونانەش ئیستیغلال بکات . چەپ و عەلمانیەکان زۆر لەوە پاکترن پەنا بۆ شتێکی قێزەون ببەن کە لە شیمەت و سیەفتی ئەوان نیە و لە خەسڵەتی دژەکانیانە .
کوردستان خاڵی نیە لە دەزگا سیخوریە ناوچەیی و جیهانیەکان، ئەمە جگە لە دەزگا سیخوەریەکانی نۆخێیی، هەریەکەو ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە و ڕۆژ نیە پیلانی تایبەتی خۆیان بەوردی جێبەجێ نەکەن، کەچی خەڵکی مێزەرلەسەر و مەلای مزگەوت و پێشنوێژەکانیش باسی کاری سیاسی دەکەن و بەناوی ڕاوبۆچونەوە تۆمەت دەبەخشنەوە و، دەیانەوێت بە مەبەستی سیاسی و دژایەتی ئەویتر لەم کەیسەدا دەنگی خۆیان بەرزبکەنەوە . دەسەڵاتی دەستڕێشتو بەرپرسە لە دەزینەوەی بکوژانی سەرجەم تیرۆرکراوان لە پێشەوەی هەمووانیش مامۆستا هێشیار، بەڵام پێش ئەوەی دەستەکان بە شۆویەك ڕوون بێتەوە پێویستە هەموو لایەك وەك شتەکانی تر نانوپیازی پێوە نەخۆن و بەمەبەستی کاری سیاسی ڕووت بەکاری نەهێنن و تۆمەت بە فکر و فەلسەفەی خەڵکی تر نەکەن، لەبەر ئەوەی مێژووی ئەو فکرەی کە ئەو مەلا تۆمەتبەخشانە هەیان گرتووە پرە لە تیرۆر نەك چەپی کلاسیك و چەپی تۆندرەو، وەك ئەو مەلایانە لە ترسدا بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕاستەڕێگە و حەقیقەتەکە دوور بخەنەوە، بە ڕاستوچەپ و بە پێچەوانەی هەموو ڕاوبۆچون و خۆێندنەوەیەکی زانستیانە و دوور لە حەقیقەتی ئەم پرسە، باس لەو بارەوە دەکەن کە ئەمە ڕەفتاری حزبەچەپ و کلاسیکیەکانی بەناو عەلمانیەتە، کوایە ئەم ڕەفتارانەیان لێ دەوەشێتەوە، وەك ئەوەی بیانەوێت تۆمەتەکە لەخەڵکانێکی ناوەکی دوور بخەیتەوە، بۆ تەوزیف کردنی فکرو بیروبۆچونەکانیان ئەم تۆمەتانە بۆاودەکەنەوە و، وەك ئەوەی هەنگیان لە داردا دزیبێتەوە . ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە

ئەمڕۆ لەکوردستان، ئەوەندە کار لەسەر ململانێی شەخسی و حزبی وئایدیۆلۆجی دەکرێت بە هیچ شێوەیەك لایەنەکان پابەندنین بە فکر و فەلسەفە و بنەما سەرەکیەکانی حزب و ڕێکخراوی راستەقینەوە، بۆیە زۆر گوناحە لە پێناو قازانجی حزبی و ئایدیۆلۆجیدا، هەکاری تیرۆرکردنی مامۆستا هەشیار بخرێتە ئەستۆی دەرئەنجامی ناکۆکیە فکریەکان .